# خوای گەورە نەهیتان لێدەکات کە سوێند بخۆن بە باوباپیرانتان

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە نەهیتان لێدەکات کە سوێند بخۆن بە باوباپیرانتان»، وعومەر -ڕەزای خوای لێبێت- فەرمووی: سوێند بە الله لەو کاتەوەی گوێم لە پێغەمبەر بوو -صلى الله عليه وسلم- کە نەهی لێکرد، سوێندم نەخواردووە بە جگە لە خوای گەورە؛ نە بە ئەنقەستەوە، ونە بە باسکردنی قسەی یەکێک بێت کە سوێندی خواردبێت بە جگە لە الله.

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە خوای گەورە نەهی دەکات لە سوێند خواردن بە باوباپیران، ئەوەی ویستی سوێند بخوات دەبێت تەنها سوێند بە الله بخوات، ونابێت سوێند بە جگە لە خوای گەورە بخورێت. پاشان عومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات لەو کاتەوەی بیستوویەتی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەم جۆرە سوێند خواردنە، ئەو هەرگیز سوێندی نەخواردووە بە جگە لە الله نە بە ئەنقەستەوە، ونە بە باسکردنی قسەی یەکێک بێت کە سوێندی خواردبێت بە جگە لە الله.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee